# گیروگرفتەکانی نووسینی کوردی بە لاتینی

ئەم باسە لە کتێبی ( توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی ١٩–٢٢ ئەیلوولی ٢٠١١– هەولێر) لە ل ١٣٨–٢٥٢ بڵاوکراوەتەوە

لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە ژ ٩ ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق — دەستەی کورد، باسێکم بە ناونیشانی ( ئیملای کوردی و چەن تێبینییەك) بڵاوبۆتەوە ئەم وتارە دووبارە لە کتێبی ( ئاسۆیەکی تری زمانەوانیدا ل ٩ — ٢٠) بڵاوکراوەتەوە. تیایدا پێڕەوی چۆنیەتی دانانی ڕێنووسی هەر زمانێ بە پێی بناماکانی زمانەوانی دەناسێنم و هەندێ لە گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و چارەسەرکردنیان بە پێی پێوانەی زمانەوانی دەخەمە روو .لێرە چەخت لەسەر ئەو گیروگرفتانە دەکەم کە لە ڕێنووسی کوردی بە لاتینی سەرهەڵدەدەن

**تێبینی:** لەم باسەدا زاراوەی ( وەستاو) بۆ کۆنسنانت و (بزوێن) بۆ ڤاوڵ بەکار دەهێنرێ

لەرووی زمانەوانییەوە بۆ دانانی ڕێنووس بۆ هەر زمانێك دوو هەنگاو هەیە:

**یەکەم** : دەست نیشان کردنی فۆنیمەکانی زمانەکە و دانانی پێتەکانییەتی بە جۆرەی سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانەکە.

**دووەم** : چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو چوارچێوەی وشەکاندا.

بە گوێرەی لایەنی یەکەم ئەم ئەلفەبێتەی ئیستامان بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| وەستاوەکان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن **هـ و ی** |
| بزوێنەکان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

تا ڕادەیێکی زۆر فۆنیمیکن لەگەڵ سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردی دەگونجێن. دەسکاری کردنیان گیروگرفتەکان زیاتر وئاڵۆزتر دەکات.بەتایبەتی ئێستا کراونەتە فۆنت و خراونەتە کۆمپیوتەرەوە. چی تازە ئەم فۆنتانە دەگۆرێ. ؟

به گوێرەی خاڵی دووەم چۆنیەتی لێکدانی پیتەکانە لە ناو چوارچێوەی وشەکاندا. کوردی زمانێکی پەلۆسینسیتییە لەرووی مۆرفۆسینتاکسییەوە زۆر چالاکە.هەمان وشە تیایدا دەشێ بە چەن جۆرێك بنووسرێ. بۆ نموونە:

هەڵم گرت / هەڵمگرت

هەڵتان نەسپارد . / هەڵتاننەسپارد

رایان کرد. / ڕایانکرد

لایان نەدا / لایاننەدا

هەڵی ناگرین / هەڵیناگرین

جێ بە جێ کردن / جێبەجێ کردن / جێبەجێکردن

بێ بەش / بێبەش

هیچ پێوانەیێکی زمانەوانی نییە بلێ کام لەم داڕشتنانە راستە. راستەکەیان ئەوەیانە لەسەری پێك بێن. ئەمەیە گیروگرفتی سەرەکی لە ڕێنووسی کوردیدا. ئەم بەشە لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانیدایە.ئەبێ زمانەوانان پێك بێن کام جۆر بکرێ بە بنەما و ئەویان ڕەچاو بکرێ.

ئەوەی لە بارەی پیتەکانی نووسینی کوردیی (خواروو) چەسپیوەو پێکهاتنێکی گشتیی لەسەرە و ئەکادیمییای کوردی پەسندی کردووە ئەوەیە کە ئەلفوبێی نووسینی کوردیی (خواروو) ٣٦ پیتی هەیە (٢٩) ی وەستاو و (٧) ی بزوێن وەك ئەوەی لەسەرەوە خرایە ڕوو.

| | |
|---|---|
| وەستاوەکان | ئـ ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن **هـ و ی** |
| بزوێنەکان | ا - ـە - و - وو - ۆ - ی - ێ |

زۆر لە زمانەوانان و کتێبە ڕێزمانییەکان وەستاو و بزوێنەکان بەم جۆرەی سەرەوە لێك جیا دەکەنەوە.

جیاکردنەوەی وەستاو و بزوێنەکان تەنها لە شیکردنەوەی زمانەوانی و بواری فێرکاریدا دەگیرێتە بەر. بۆ رێزمان و نووسین و فەرهەنگسازی و بەکارهێنانی گشتی دەبێ هەموو وەستاو و بزوێنەکان بکرێن بە یەک لیست و تیک بچرژێنرێن وەک لە هەر زمانێکی تردا.

بە لێکدانی هەردوو جۆر ( وەستاو و بزوێنەکان) پێتە هاوشێوەکان دەکەونە پاڵ یەک لیستەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێدێ:

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| هـ | بزوێن |
| و | وەستاو |
| و | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| ی | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٦ | |

ئەم لیستەیە  هەموو وەستاو و بزوێنەکانی  تێدایە. لەمانە  (ئـ  ب  پ ت ج چ ح  خ  د ر ڕ ز ژ  س  ش  ع  غ  ف ڤ  ق  ك  گ  ل  ڵ  م  ن  )  وەستاوی تەواون  ، (ا — وو — ۆ — ێ ) بزوێنی تەواون ، ( هـ — و — ی ) وەستاو  و بزوێنن ( هاوشێوەن)..

١ —  پیتە (وەستاو)ە تەواوەکان (٢٦) ن

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| **٢٦** | |

پیتە بزوێنە تەواوەکان (٤) ن:

| | |
|---|---|
| ا | بزوێنی تەواو |
| وو | بزوێنی تەواو |
| ۆ | بزوێنی تەواو |
| ێ | بزوێنی تەواو |
| **٤** | |

پیتە هاوشێوە بزوێن و وەستاوەکان (٣) ن:

| | |
|---|---|
| هـ | بزوێن و وەستاو |
| و | بزوێن و وەستاو |
| ی | بزوێن و وەستاو |
| **٣** | |

وەك دەردەكەوێ ئەم سێ پیتە ( هـ - و - ی ) هاوشێوەن. بۆ لادان لە دووبارەكردنەوە لە هەر جووتە یەكێكیان لادەبرێ . (٢٦) وەستاوی تـەواو و (٤) بزوێنی تەواو و (٣) بزوێن و وەستاو ( ٢٦ + ٤ + ٣ = ٣٦) دەكاتە (٣٦) . (٣) یان هاوشێوەن . (٣) هاوشێوەكان هەریەكە یێكێكی لێ كەم دەكرێتەوە و دەبێ بە (٣٣)و ریزبوونەكە ئەم شێوەیە دەگرێتە خۆ:

(ئـ ا ب پ ت ج چ ح خ د ر ڕ ز ژ س ش ع غ ف ڤ ق ك گ ل ڵ م ن هـ و وو ۆ ی ێ )

| | |
|---|---|
| ئـ | وەستاو |
| ا | بزوێن |
| ب | وەستاو |
| پ | وەستاو |
| ت | وەستاو |
| ج | وەستاو |
| چ | وەستاو |
| ح | وەستاو |
| خ | وەستاو |
| د | وەستاو |
| ر | وەستاو |
| ڕ | وەستاو |
| ز | وەستاو |
| ژ | وەستاو |
| س | وەستاو |

| | |
|---|---|
| ش | وەستاو |
| ع | وەستاو |
| غ | وەستاو |
| ف | وەستاو |
| ڤ | وەستاو |
| ق | وەستاو |
| ك | وەستاو |
| گ | وەستاو |
| ل | وەستاو |
| ڵ | وەستاو |
| م | وەستاو |
| ن | وەستاو |
| هـ | وەستاو |
| | بزوێن |
| و | وەستاو |
| | بزوێن |
| وو | بزوێن |
| ۆ | بزوێن |
| ی | وەستاو |
| | بزوێن |
| ێ | بزوێن |
| ٣٣ | |

ئەمـە پێڕۆێکـی ئـابووری و لۆژیکییـە بـۆ ریزکردنـی پێتـەکان .سـیمایەکی سیستەماتیکی بە رێزمانی کوردی و فەرهەنگسـازی دەبەخشـێ. لەگـەڵ سروشـتی ریزبوونی پێتەکانی جیهانیشدا دەگونجێ و لە هەموو زمانێکیشا بەم جۆرەیە.

## ڕێنووسی کوردی بە لاتینی

سەرەتا دەبێ ئەوە بزانرێ کە هەر ئەلفـەبێیێك بەدەسـتەوە بگریـت بـۆ هـەر زمانێـك دەگـونجێ.گرنگ پێکهـاتنی گشـتییە لەسـەری. زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو ئەلفوبێیانـەی ئیسـتا لـە هـەموو جیهانـدا بـەکار دەهێنـرێن هـیچ کامێکیـان لـە بنەڕەتدا بۆ ئەوزمانانە دانەنراون کە بەکاریان دەهێنن. هەموو لـە زمانـانی تـرەوە وەرگیراون.

ئەلفوبێی زمانی ئینگلیزی و جەرمەنی و فرەنسی و زۆربـەی زمانـەکانی تـری ئەوروپی لە لاتینییەوە وەرگیراون. لاتـینی لـە ئیترۆسـکانییەوە و ئیترۆسـکانی لـە گریکییـــەوە و گریکـــی لـــە فینیقییـــەوە و فینیقـــی لـــە ســـامییەوەو ســـامی لـــە هیرۆگلیفییەوە وەرگیراوە.

ئەلفوبێی ڕووسی لـە سـیریلیکەوە وەرگـیراوە و سـیریلیکی لـە گریکییـەوە و گریکی لە فینیقییەوە و فینیقی لە سامییەوە و سامی لە هیرۆگلیفییەوە.

ئەم ئەلفوبێیەی کە بە عـەرەبی نـاودەبرێ لـە بنەڕەتـدا عـەرەبی نییـە ، لـە ئارامییەوە وەرگیراوە و ئـارامی لـە سـامییەوە و سـامی لـە هیرۆگلیفییەوە.هـەمان شت بە جۆرەی ئەلفوبێکانی تر.

کە ئەلفوبێیەکی هـەر زمانێـك بـۆ هـەر زمـانێکی تـر وەردەگـیرێ دەسـکاری دەکرێ و بەرەبەرە دەگۆڕێ و دەسوێ تا سروشتی دەنگەکانی زمانە وەرگرەکەی لێ دەنیشێ ولە گەڵیدا دەگونجێ بە زیـادکردن و لابردنـی هەنـدێ پیـت یـا دانـانی نیشانە لەسەر هەندێ لە پیتەکان. هـەتا ئەگـەر دەسـکاریش نـەکرێ ئیشـی خـۆی هەر دەکات و دەبێتە ئاسایی. بۆ نموونە زمانی فارسی ، کە زمانێکی زۆر نزیکە لە

کوردی ، ئەلفوبێی عەرەبیی وەرگرتووە بە فەتحەو زەممە و کەسرەوەش و بێ هیچ دەسکارییەکی ئەوتۆ زمانەکەی خۆی پێ دەنووسێ و زۆر ئاساییە. مادام پێکهاتنی گشتیی لەسەرە هیچ گیروگرفتێ سەرهەڵنادات و باس ناکرێت. .

زمان دیاردەییێکی زیندووە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕین دایە.سروشتێکی سرکی جیوەیی هەیە. نووسین وشک و وەستاوە.بۆیە هەرگیز نووسین ناتوانێ بەبەردەوامی پڕبەپیستی زمانەکە بێت. لەکاتی دانانی ئەلفوبێی هەر زمانێک تارادەییێکی زۆر نزیکی لەنێوان نووسین و زمانەکە بەدی دەکرێ .زۆری پێ ناچێ زمان و نووسینەکە لێك دەترازێن و گیروگرفتی ڕێنووس پەیا دەبێ و زیاد دەکات. هیچ زمانێك بێ گیروگرفتی ڕێنووس نییە.هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنی ڕێنووس گیروگرفتی تری زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەرهەڵدەدا.چ زمانێك بەقەد چینی و ئینگلیزی گیروگرفتی ڕێنووسیان هەیە کەچی بریاریان داوە دەسکاریی نەکەن . چونکە بە دەسکاری کردنیان گیرو گرفتی تری ئاڵۆزتر و دژوارتر سەرهەڵدەدەن کە لەوانەیە هەرگیز چارەسەرنەکرێن.

گەر ئەلفوبێی کوردی گوێزرایە لاتینی زۆربەی گیروگرفتەکان دەمیننەوە و کۆمەڵە گرفتێکی تری ئاڵۆزتر سەرهەڵدەدەن . یەك دوو نموونە دەهێنمەوە:

١ – یەکەم گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی بە لاتینی هەبوونی زیاتر لە شێوەییێك بۆ ژمارەییێك لە پیتەکان.(چ – ژ – خ – غ – ح – ش – چ – ا – ـە – ێ – وو...هتد)

ئەم گیروگرفتە تا ڕادەییێکی زۆر لە ئەلفوبێی لە عەرەبییەوە وەرگیراو چارەسەرکراوە و پێکهاتنی گشتیی لەسەرە.

٢ – ڕاناوە لکاوەکان (م ـ یت ـ / ـ ین ـ ن ـ ن) کە دەچنە سەر (گریا) و (خەوت) هەمان قاڵب دەگرنە خۆ.

| | |
|---|---|
| م | گریا<br>خەوت |
| یت | |
| – | |
| ین | |
| ن | |
| ن | |

گەر بە لاتینی بنووسرێن راناوەکان  دوو شێوەی جیا دەگرنە خۆ ، بە پێی دوا پیتی ڕەگەکە. بە وەستاو یا بزوێن کۆتایی دێت؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| xawt | im | girya: | m |
| | i:t | | yt |
| | - | | - |
| | i:n | | yn |
| | in | | n |
| | in | | n |

٣ – راناوە لکاوەکان (**م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان**) کە دەچنە سەر هەر ڕەگێکی ڕابردوو، هەمان قالب دەگرنە خۆ. بۆ نموونە  (برد) کە بەپیتێکی وەستاو کۆتایی دێت و  و (هێنا) بە پیتێکی بزوێن.

| | |
|---|---|
| **م** | **برد**<br>**هێنا** |
| **ت** | |
| **ی** | |
| **مان** | |
| **تان** | |
| **یان** | |

گەر بە لاتینی بنووسرێن راناوەکان  دوو شێوەی جیا دەگرنە خۆ ، بە پێی دوا پیتی ڕەگەکە. بە بزوێن یا وەستاو کۆتایی دێت.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| hena: | m | bird | im |
| | t | | it |
| | y | | i: |
| | man | | ima:n |
| | tan | | ita:n |
| | yan | | Iya:n |

کام دەستە رەچاو بکرێ؟

ئەم گیروگرفتە بەنووسینی ئەلفوبێی لەعەرەبییەوە وەرگیرا سەرهەڵنادات.چونکە هەبوونی یەك پیت ( یـ ) بۆ هەردوو ( یـ ) ی (بزوێن) و (وەستاو) ئەم گیروگرفتەی پۆشیوە.

(i: – y)

٤ – ئامرازی بەستن ( ی ) ئەم دوو شێوەیە دەگرێتە خۆ بە گوێرەی سروشتی ئەو پیتەی وشەی یەکەم کۆتایی پێ دێت ( بزوێن یا وەستاو ).

| | | |
|---|---|---|
| bra: - | **y** | Min |
| pu:r | **i:** | |

بەم ئەلفوبێیەی ئیستا لە هەردوو حاڵەتا یەك شێوەی دەبێ.

| | | |
|---|---|---|
| برا | **ی** | **من** |
| پوور | | |

٥ – هەمان شت لەگەڵ ( و ) ی بزوێن و وەستاو. ئامرازی بەستن ( و ) ئەم دوو شێوەیە دەگرێتە خۆ بە گوێرەی سروشتی ئەو پیتەی وشەی یەکەم کۆتایی پێ دێت ( بزوێن یا کپ ).

| | | |
|---|---|---|
| Bra: | w | Da:yk |
| Ba:wk | u | |

بەم ئەلفوبێیەی ئیستا لە هەردوو حاڵەتا یەکشێوەی ئەبێ.

| | | |
|---|---|---|
| برا | و | دایك |
| باوك | | |

هەبوونی یەك پیت ( و ) بۆ هەردوو ( و) ی (بزوێن) و (وەستاو) ئەم گیروگرفتەی پۆشیوە.

(u – w)

کە مۆرفیمێك بە (بزوێن) دەس پێ بکات. بچێتە سەر وشەیەك بە (وو) کۆتایی هاتبێ.(و) ی دووەم وەك خۆی لە شوێنی خۆیدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێ بەوەستاو کەچی لە لاتینیدا دەکەوتە نێوانیان.(w)

| دوو | دووەم |
|---|---|
| du | duwam |

٦– یێکێ لەوگیروگرفتانەی زۆر باس دەکرێ لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی نەبوونی بزرۆکەیە. بەلایانەوە نووسینی کوردی بە لاتینی ئەمە چارەسەر دەکات.

یەك خاڵی زۆر گرنگ هەیە ئەمەوێ لێرە ئاماژەی پێ بکەم ئەویش ئەوەیە، نووسین گەلێ جۆری هەیە . فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و سیلابیکی و ئەرتۆگرافی و تێکەڵ و.. . هەریەکە لەمانە بواری خۆی هەیە. هەندێ لە زمانەوانانمان دەرکی جیاوازیی نێوان ئەمانە ناکەن و هەیە لە ڕوانگەی نووسینی فونەتیکییەوە بیر لە ڕێنووس دەکەنەوە، هەیە لە روانگەی فۆنۆڵۆجی و هەشە لە ڕوانگەی هەردوو ئاست بە تێکەڵی..بۆیە زۆر لەو لایەنانەی بە گیروگرفتی لەقەڵەم دەدەن بە پێوانەی زمانەوانی نابنە گیروگرفت.یەك لەمانە بزرۆکەیە.

نەبوونی بزرۆکە هـەرگیز نەبۆتـە و نابێتـە تەگـەرە.هیچ خوێنـەرێکی ئاسـایی دوچاری هیچ لێڵییێك نەبووە لەبەر نەبوونی ئەم بزرۆکەیە لە نووسینی کـوردی بـە ئەلفوبێی لە عەرەبییەوە وەرگیراو.

گەر سەیری ڕێنووسی هەر زمانێك بکەین دەبینین دەنگی وای تێدایە کەچی لە لیستی ئەلفوبێکەیدا هیچ پیتێکی بۆ نییە.بۆ نموونە لە زمـانی ئینگلیزیـدا پیـت بۆ (ژ) نییە ، (ث – ذ ) هـەردووك بـە دەنووسـرێن... لـە راسـتیدا لـەم رووەوە ژمارەی گیروگرفتەکانی زمانی ئینگلیزی بەقەد ژمارەی وشەکانییەتی. (th)

٧ – نموونەیەکی تر دیسان لە نووسینی زمـانی عەرەبیـدا دەهێنمـەوە . لـە نووسینی ئەم زمانەدا هەندێ پیت هەن کەچی لە ئەلفوبێکەیدا ( **أبجد– هوز – حطي – كلمن – سعفص – قرشت – ثخذ – ضظغ** ) هیچ نیشـانەیان بـۆ نییە.

هیچ پیتێ بۆ ( ى – ئەلفی مەقصورە) و همزە ( ئـ ) و ( هـێی خڕ ) و (تێی خـڕ ) نییـە . (ض و ظ دوو پـیتن یـەك دەنـگ دەنـوێنن ) پیـت بـۆ ( بزوێنـە کورتەکان ) نییە.

٨ – زۆربـەی ئـەم پیتانـە سـێ جـۆر نووسـینیان هەیـە بـەپێی شـوێنی لـە وشەکەدا ( سەرەتا – ناوەڕاست – کۆتایی)

| سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|
| بـ | ـبـ | ـب |
| سـ | ـسـ | ـس |
| کـ | ـکـ | ـك |

ئەمانە هێچ یێکێکیان نەکەوتوونەتە لیستی ئەلفوبێکەی.

٩ – له ئەلفوبێی لاتینیدا پیت نییە بۆ (ح – ع – خ – غ – ژ – ش – چ ...و ..هتد) گەر چاوێ بە نووسینی کوردی بە لاتینی بخشێنرێ کە لەمیدیاکاندا بەکاردەهێنرێ ، دەردەکەوێ کە هەر یەکە لەم پیتانە بە چەن جۆرێ دەنووسرێن.

ئەمانە هەندێ نموونە بوون بۆ ئەوگیروگرفتانەی سەرهەڵدەدەن لە نووسینی کوردی بە لاتینی. جگە لەو گیروگرفتانەی ئیملای کوردی بە ئەلفوبێی ئیستامان. وەك لێکدانی بەشەکانی وشە لێکدراوەکان لەوێش سەرهەڵدەدەنەوە.

لەرووی زمانەوانییەوە نووسینی کوردی بەلاتینی گیروگرفتەکان چارەسەر ناکات بەڵکو لەوانەیە زیادی کات ، بەڵام ئەگەر هات و یەك سیستەمی نووسینی کوردی لەسەر پێڕەوێکی زانستی دانرا و پێکهاتنی گشتیی لەسەربوو ئەوە هیچ گیروگرفتێ سەرهەڵنادات چ بە لاتینی چ بە هەر ئەلفوبێیەکی تر.